سەمەرە

# ئامێز...

ئازاد هەینی



لەم ڕۆژانە گوێم لە برادەرێکی شاعیر ومەست بوو، ڕووی لەژنێک کردوو گوتی:

**پاکیزەییت هێندە لە پەپوولە دەچێ**
**ماچیشت کەم دەستنوێژم ناچێ**

ئەم دوو دێرە شیعرە ناسکە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، منی بردە دونیایەکی تر، ئێمە چەندین ساڵە دەیان نووسین و ڕەخنەمان گرت، پێ بەپێ لەگەڵ نەهامەتییەکان دێین و دەچین و ئاماژەی پێدەکەین، ڕۆژانەش وشە بە وشە لەلاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا گلەیی خەڵک و گەندەڵی دەسەڵات و بیرۆکراسییەتی بەرپرسان و گرمەگرمی ئاودیوکردنی پوولی خەڵک و ناڕەزایی و سەرپێچی بەرپرسە گەورەکان کە بە وەلائی ئەم حیزب و ئەو حیزب کورسیەکانیان زەوتکردوە و هەرچەند دەکەن دەستبەرداری نابن، هاتوهاواری ئەو خەڵکەش دەنووسین، چاو و مێشک هیلاک و ڕوو گرژ و تاڵ، ژیان دەگوزەرێنین، نەگوێمان لێگیرا، نەپێشمان دەڵێن درۆتان فەرموو، نەداخوازیەکانیشمان خوێندرایەوە، ئیدی وامان لێهاتووە بڵێین ژیان هێندە ناهێنێت، بۆ هەمیشە خراپی بۆ دەوروبەر سوتماکی بۆخۆت، چونکە ئێمە ئەوە دەزانین نازکردنی مانگ لەبەر تریفەکەیەتی کەشەوێک لەتاڵە قژی کچەکافرۆشێکی دزی. منیش وەک ئێوە وەک ئەوان هەست بەوە دەکەم باوەشی ژن و عەشق، پڕە لەمیهرەبانی ... بۆیە لەبەر نائومێدی خەریکە ئیتر لێرەوە بڕیاربدەم لەمەودوا وشەیەک لە هەڵاڵە قەرزبکەم و فاریزیەک لەگوڵاڵە بخوازم و بچمە بەر پەنجەرەی پەری و گوڵەباخەکان و نزا بکەم بەڵکو گوڵە مێخەکت بۆپەیدا بکەم، تا بیکەم بەدیاری بۆئەو قەیرە کچەی شەوانە لە داخی تەنیایی سینە و بەرۆکی بۆمانگ ئاوەڵا دەکا و سەرەتاتکێ لەگەڵ جریوەی ئەستێران دەکا، ژیان شەڕێکی بەردەوامە لەپێناو مانەوە، بۆیە قەدەری ئێمەش هەمیشە سەنگەر بووە و نەمانویستووە فێڵ لەویژدانی خۆمان بکەین، ڕۆڵی تەمومژ تەواو، ئیتر دەبێ چاو ببڕینە ناو بەفر، هەناسەمان لێوانلێو پڕ لە عیشقە، ژوانمان کەوا بێ بۆچی شەڕی عەشق نەکەین، خۆئەگەر بشدۆڕێین تەنیا دڵی ئافرەتێکی تامەزرۆی باوەش دەڕەنجێ، نەک کوشتارێک ڕووبدات ببێتە مایەی هەزاران بێوەژن لەم وڵاتە، **هەرچی وشە هەیە بۆ قەیرەیەک دەڕازێنمەوە تاتۆزێ بێ ئومێدییەکەی کەم بکەمەوە**، هەرهیچ نەبێ لەگەڵ باران چیتر هێندە نەگری، هەر هیچ نەبێ خەو بە باوەشەوە ببینێ، خەو بە فرۆشتنی دوو سێو....!

دیسان پێویستیم بەچەند وشەیەک هەیە تا حیوارێکی بەردەوام دروست بکەم، حیوارێک بۆهەمیشە نەمری وگەش گەش بێ وەک جووتێ چاوی بێ کل و لێوی ئاڵی بێ مکیاژ و قژی کاڵی بێ بۆیاغ.... ئەوجا بەجوتە گۆرانیەکەی (عەلی مەردان) (کۆلان بەکۆلان .... جادەبەجادە) دەچڕین و دەنکەترێ تەمەن دەژمێرین، لەگەڵ شەونم تێکەڵ دەبین تا بۆنی ئارەقە نەگرین ،لەگەڵ منداڵێک پێدەکەنین کەدەیەوێ لەدایک ببێ.....

چیمان داوە لەپارەو پوولی دزراوی ئەم وڵاتە، چیمان داوە بڵێین ئەم پیاوە بە نوێژی نیوەڕۆ لەبەرچاوی هەموو خەڵک خیانەتی لەژنەکەی خۆی کردو و چووە باوەشی یەکێکی تر، چیمان داوە بڵێین ئەم بەرپرسە ئەوە ڕابردوویەتی ئێستاش وەستای ماستاوی ئەم سەردەمەیە، وەرە باپرسیارێ بکەم ، بزانم من جوانم یان تۆ ئەی بەرپرس؟ من عاشقم یان تۆ ئەی داخ لەدڵ؟ من بەخشندەم یان خود تۆئەی ....... ؟ هەمدیسان ئەم شەڕەش دەکەم بەڵام ئەمجارەیان شەڕی عەشقە، شەڕی جوانییە، بێ شک ئەوەی براوە بێ دەگاتە ئامێزی خۆشەویستی.......